ڕێکخراوی جیهانی
دەرچووانی ئەزهەر

یەکێتی زانایانی ئایینی
ئیسلامی کوردستان

# چەمکی خیلافەتی ئیسلامی

نوسینی:
پ. د. عەبدولفەتاح ئەلعەواری
ڕاگری کۆلێژی بنەماکانی ئاین، زانکۆی ئەزهەر

پێداچوونەوەی:
پ. د. موحەممەد عەبدولفەزیل ئەلقوصی
جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر

وەرگێڕانی:
مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی
بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان

پێداچوونەوەی:
د. عەبدوڵڵا مەلا سەعید وەیسی
سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

هەولێر - کوردستان

ڕێکخراوی جیهانی
دەرچووانی ئەزهەر

یەکێتی زانایانی
ئاینی ئیسلامی کوردستان

# چەمکی خیلافەتی ئیسلامی

نوسینی:
پ. د.عەبدولفەتاح ئەلعەواری
ڕاگری کۆلیژی بنەماکانی ئاین زانکۆی ئەزهەر

پێداچوونەوەی:
پ.د.محمد عەبدولفەزیل ئەلقوصی
جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر

وەرگێڕانی:
مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی
بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان

پێداچوونەوەی:
د. عەبدوڵڵا مەلا سەعید وەیسی
سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

اربیل _ کوردستان

٢٠١٩م ١٤٤١هـ ٢٧١٩ك

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان
لە ٢١/٩/١٩٧٠ دامەزراوە

* ناوی کـتێب: چەمــکی خیلافەتی ئیسلامی

* نووسینی بە عەرەبی: پ. د.عەبدولفـەتاح ئـەلعەواری

* پێداچوونەوەی بە عەرەبی: پ. د.موحەممەد عەبـدولفەزیل ئەلـقوصی

* وەرگـێرانـی: مــەلا عــەبدوڵڵا شێرکـاوەیی

* پێداچوونەوەی: د. عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی

* چاپخانە: رۆژهەڵات _ هەولێر

* چاپ: یەکەم/ ٢٠١٩م

* تــیـراژ: ١٠٠٠ دانە

* دیزاین و بەرگ: مەلا عبدالله شێرکاوەیی

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی وەرگێڕ

**بابەتی خیلافەت یەکێکە لەو بابەتە هەستیارانەی لەمێژە مشتومڕی زۆری لەسەرە، کارتێك بووە بە دەستی گروپە توندڕەوەکان بۆ بانگەشەی جێبەجێ کردنی حوکمی ئیسلامو گێڕانەوەی ولآتان بۆ ژێر یەك دەوڵەتی ئیسلامی، لەو چوارچێوەیە هەنگاوی زۆریان ناوە بە ئاراستەی جولآندنی هەستی گەنجو هەرزەکارانو هەموو ئەوانەی شارەزاییەکی سادەو سەرەتاییان لەبارەی هەقیقەتی ئیسلامو چەمکە ئیسلامیەکان هەیە.**

**ئەو گروپانە لەپێناو ئەو ئامانجەیان شەڕو کوشتارو تارانو ماڵوێرانیو ئاشووبی زۆریان لەناو زۆرێك لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ناوەتەوەو خوێنی زۆریان بەهەدەر داو کارەساتی گەورەیان دروست کرد.**

**ئەمە لە کاتێکدا ئیسلام ئەو جۆرە هەوڵو تێگەیشتنو هەنگاوانە بە نەزۆك و نامۆ دادەنێتو بەپێی زۆرێك لە دەقەکان هەوڵێکی ناواقعیە، چونکە هیچ دەقێك نیە راشکاوانە باس لە بابەتی خیلافەت بکات، لەهەمان کات پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) کە وەفاتی فەرموو، هیچ سیستەمو چوارچێوەیەکی لەو بارەوە دیاری نەکرد، تەنها ئەوە نەبێت کە شێوازی بەڕێوەبردن بۆ واقعو دۆخی موسڵمانان لێ بگەڕێو بەپێی راوێژ لەنێو خۆیان شێوازێك دیاری بکەن.**

**بەهەڵە تێگەیشتن لە چەمکە ئیسلامیەکانو کارکردن لەپێناو هێنانەدی ئامانجگەلێکی ناواقعی لەو نێوەدا، نەك خزمەت بە ئیسلامو موسڵمانان ناکات، بەڵکو سومعەو پێگەیان ناشیرین دەکاو سەرەنجام جگە لەماڵوێرانیو قوربانیو کاولکاری چیتری لێ بەرهەم نایەت، داعش نمونەیەکی نزیكو زیندوی ئەو بوارەیە.**

**ئەم نووسینە کە لەلایەن دوو لە گەورە زانایانی زانکۆی ئەزهەر نوسراوەو پێداچوونەوەی بۆ کراوە، بابەتێکی تەواو زانستیو تێگەیشتنێکی تێروتەسەلی بایەتی خیلافەتە، کە تەواوی شرۆڤەو هەڵسەنگاندنەکە بەپێی دەقەکان روون کراوەتەوە.**

**ئامانج لە وەرگێڕانو بڵاو کردنەوەی ئەو جۆرە کتێبانە، هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەو بەرچاو ڕوونی گەنجانو روونکردنەوەی چەمکە ئیسلامیەکانە لەلایەكو، تێکشکاندنو هەڵوەشاندنەوەی هەوڵە نەزۆكو نامۆکانی گروپە توندڕەوەکانە لە لایەکی ترەوە.**

**بەهیواین ببێتە خزمەت بۆ کۆمەڵگەی کوردیو موسڵمانانی کوردستان.**

**وەرگێڕ**

**٢٩ی٩ی٢٠١٩**

# پێشەکیەك بە پێنوسی

## پ.د. موحەممەد عەبدولفەزیل ئەلقوصی

## ئەندامی دەستەی گەورە زانایان لە ئەزهەری شەریف

............

زانای گەورە (محی الدین بن عربی) لە پەرتوکە ناوازەکەی (الفتوحات المكيّة)دا ئەوە روون دەکاتەوە، کە کەسایەتی موسڵمانی ڕاستەقینە تەنها لە پەیوەندییێکی دەرونی ناوەستێت پێی بەرز ببیتەوە، بەڵکو پەیوەندی موسڵمان لەگەڵ بەدیهێنەری خۆی، پێویستە پەیوەندێکی روحی بێت‌و لەگەڵی بتوێتەوە، پەیوەندیەك لەگەڵ خودی شتەکان ئاوێتە ببێت‌و تووشی هەورازو نشێوو ببێت، ئەگەر

ئەم پەیوەندیە پتەوە نەبێت ئەوا لاشەی ئەم موسڵمانە وەك لاشەیەکی مردوو و بێ سوود ئەژمار دەکرێت.

بەم پەیوەندیە روحیە دەروازەکان بۆ مرۆڤ دەکرێنەوەو، ئەندامەکانی لەشی هەموویان مل کەچ دەبن‌و بەبێ دەنگی پەروەردگاری خۆیان دەناسن‌و گرنۆشی بۆ دەبەن، بەچاوی جوانی‌و سۆزو خۆشەویستی‌و ئارامی لە جیهان دەروانێ، ئەم شێوەیە وەك ئەوە وایە کە ئەم مرۆڤە هەموو جیهانی بەدەست هێناوەو، سێبەری بۆ دەورو بەرەکەی هەیەو کەسی فەرامۆش نەکردووە.

ئەگەر لەم سەردەمەدا ئەم دیدە جوانە لەگەڵ ئیسلام ئاوێتەو تێکەڵاو بێت، ئەوا دەروونەکانمان لەم بارودۆخە ناهەموارەدا هەست بە ئۆقرەیی‌و ئارامی‌و دادپەروەری دەکەن، وەك دەرمانێك

بۆ زامەكانی ئێمە بەكار دێتو ڕێگا تاریكەكانمان بە نوری ئیلاهی ڕوناك دەبوونەوە.

ئەگەر ئەم دیدە جوانە لەگەڵ ئیسلامەكەمان تێكەڵاو بێت ئەوا بە هیچ شێوەیەك موسڵمانی دڵ ڕەقو توندڕۆت نەدەدۆزیەوە، بەڵكو موسڵمانی بەخشندەو بە بەزەیی بەرچاو دەكەوت، ڕقو كینە لەناو دڵو دەروونی نەبێت، موسڵمانێك كە هەست بە نارەحەتیو ئازاری هەژارانو بێ دەسەڵاتان بكات، دڵەكەی بەرەو جوانیو ڕاست گۆیو دادپەروەری ڕابكێشێ، بێ ئەوەی یەك دڵۆپە خوێن برێژیتو دڵە ڕاوەكێو كینەی لا دروست ببیت.

كەچی ئەم دیدە جوانەی ئیسلام لەم سەردەمەدا زۆر گۆڕدراوە، بە شێوازێك هەوڵەكان خۆیان لەوە قەتیس كردووە كە وێنای ئیسلام

پێچەوانەی ئەمە بکرێت، هەستو بیری خەڵکێك وا ئاو دراوەو گۆشکراوە کە ئیسلام بە گەورەیی‌و رەحمەتو سۆزەکەی تەنها بۆ (بەدەستهێنانی دەسەلات) و بازدانی بۆ پێ‌گەیشتنی بەهەر شێوازو ئامرازێك بێت، ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە گیرۆدەی گەمە جۆراو جۆرەکانی سیاسەتو فرتو فێڵن.

ئەم دیدە جوانەی ئیسلام لـە ئەدەبیاتی ئەو جۆرە کەسانە بەدەست ناکەوێت، بەڵکو لـە ئەدەبیاتە تاریکەکەیان تەنها ئەفسانەی ئەوت دەبینی کە جگە لـە خۆیان کەسی تر بە موسڵمان ئەژمار ناکەنو، ئەوانی تر هەر هەموویان دووچاری بێ باوەڕی‌و گومرایی بوون، هەوڵ دەدەن گەنجەکانی ئەم میللـەتە لـە سەر ئەم بیرە دژوارو خەتەرناکە بە گیانی رقو کینەو یەکتر قەبول نەکردنو وێرانکاری پەروەردە بکەن، تەنها بۆ گەیشتن بە لوتکەی دەسەلات، بۆ ئەوەی

تێنوێتی خۆیان بە کورسی دەسەلات بشکێنن، وەك ئەوەی ئیسلام هەمووی بریتی بێت لە دەسەڵاتێك کە زۆرترین خوێنی بۆ بڕێژێت.

ئەو دیدگا روونو شەفافە لە کوێیە بۆ ئەوانەی لە ژێر پەردەی (سەلەفیەت) بانگەشە دەکەنو خۆیان بە میراتگری سوننەت دەزانن، دواتر پێچەوانەی سوننەت هەنگاو دەنێن لە دلڕەقیو کورت بینیداو هەموو بایەخێك بە خوێن رشتن دەدەنو نەوەی داهاتووی لە سەر پەروەردە دەکەن، تا رەگو ریشەی گەنجەکانمان بە خوێن ئاو بدەنو بەم شێوازە ئامادەیان بکەن بۆ رۆژگاری داهاتوو ..

ئەو رێکخراوە تیرۆریستیانەی کە ماوە ماوە بەناوی جیا جیا دەردەکەونو زۆر بەنارەوا بانگەشە بۆ ئیسلامو زیندووکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامی دەکەنو، لە کردارەکانیان هیچ شتێك بەرچاو

ناكرێت جگە لە سەر بڕینو بە كەنیزە كردنی ئافرەت لە بەر چاوی خەڵكو بە ڕۆژی رووناك، بێ ئەوەی بەزەییان بە هیچ كەسێكدا بێتەوە، كاتێك كە وێنەی ئیسلام ناشیرین دەبێت بەم رەفتارانە لە هەمان كاتیشدا بە كردارەكانیان ئیسلام دەبێتە وێنەیەكی ناشیرین بۆ هەموو جیهان، ئیسلامێك كە سۆزو رەحمەتی بەخشی بە هەموو جیهان ئێستا خوێنو ڕقو كینە دەبەخشێت، ئەی ئیسلام (وێنەی هزری) ئەو منداڵانە چۆن راست بكەینەوە لە كاتێكدا كە هەموویان بە بچوكیو منداڵی لە سەر ئەم هزرە توندڕۆیە پەروەردە كراون بێ ئەوەی ڕووە ڕاستیەكەشی بناسن.

ناكرێت ئەوانە بیر بكەنەوە كە لە ئیسلامدا شتێكی تر هەیەو پێی دەوترێت (جیهادی روحی) كە گیانو هزری مرۆڤ بەرز دەكاتەوە بەرەو لوتكە بۆ ئەوەی خودی ئەم مرۆڤە لە خۆپەرستی رزگار بكاتو بەزەیی بە خەڵكدا بێتەوەو برسیەكان تێر بكاتو، دەست

بە سەری هەژارەکان دابنێت‌و لە پێداویستیەکانی ژیان بێ بەشیان نەکات.

بەو هیواییەین کەوا لەم زنجیرەیەدا بتوانین هەق‌و ڕاستی بگەڕێنینەوەو، ئەم بۆچوونە هەڵانە تێك بشکێنین کە توندرۆوەکان بۆ چەمکەکانی ئاینی ئیسلامی کردوویانە، ئەو گومانانە برەوێنینەوە کە دەیان ورووژاند، بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاست‌و سوونەتی پێغەمبەری خوا موحەممەد(درودی خوای لەسەر بێت) بۆ هەموو خەڵك ڕوون‌و دیارو ئاشکرا بێت.

نزای سەرفیرازی‌و بەختەوەری لە خوای پەروەردگار دەخوازین‌و، هەر ئەویش یارمەتیدەرو پشت‌و پەنای هەموو لایەکمانە.

# پێشەكی نووسەر

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس‌و ستایش بۆ خودای پەروەردگار، دروودو سڵاوو لە گیانی دوایین نێراوی خودا پێغەمبەری خۆشەویستمان موحەممەد (درودی خوای لەسەر بێت)و شوێنكەوتووانی تا دوا رۆژ..

لای هیچ كەسێك شاراوە نیە كەوا جیهان بەگشتی‌و جیهانی ئیسلامیش بە تایبەتی بە كۆمەڵێك كێشەی دژوارو قەیرانی سیاسی‌و ململانەیەكی هزری تێپەر دەبێت، كە دەركەوتەی زۆر خراپی لێ كەوتووتەوەو، هەڵوێستی جۆراو جۆری لە سەر بنیات نراوە، دیاردەی زۆر خراپی لێ دروست بووە، وەك دیاردەی بەكافركردنی خەڵك‌و تیرۆرو توندرۆیی‌و بێ باوەری كە هەموویان كاریگەری

زۆر خراپیان لە سەر ئاشتی جیهانی دروست کردووەو، ئاسایشی زۆرێك لە وڵاتانیان تێکداوە، ئاسایشی کۆمەڵایەتی زۆرێك لە کۆمەڵگاکانی هەژاندووە، دەتوانم بڵێم جیهان – ئەگەر رەحمەتی خوا نەبێت – لەبەردەم هەرەشەیەکی زۆر ترسناكو دژوار دایە، کە دەبێتە هۆکاری دروستبوونی ئاژاوەیەکی وا کە هیچ کەسێکی لێ رزگار نابێت.

لە ڕوانگەی هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی شەرعی و مرۆڤایەتی، ویستم بەژدار بم لە نوسینی ئەم چەند لاپەرەیە لە سەر بابەتی (خیلافەت) وەك هاوبەشیەك لە رونکردنەوەی ئەو هەموو بۆچوونانەی کە لێرەو لەوێ لە سەری هەیەو، هەوڵێك بێت بۆ ڕاست کردنەوەی ئەو خوێندنەوە هەڵانە بۆ چەمکەکانی ئیسلامی دەکرێنو، تێگەیشتنە ڕاستەکەشی بخەینە روو، بە شێوەیەك کە

عەقلّی هەموو مرۆڤێك ڕاستیەكان وەربگرێت ئەویش بە خستنە رووی بەلّگەكانو ئاراستە كردنیان بە شێوەیەكی واقیعیو تەندروست...

لەم چەند لاپەرەیە باسی چەمكی خیلافەت دەكەین لە دیدی توندرۆوەكانو نەزانینی ئەوانیش روون دەكەینەوە لە بانگەشەی دامەزراندنی خیلافەتی ئیسلامی لە عیراقو شام، ئەمەش لەدوو لایەنەوە:

یەكەم: تێگەیشتنی توندرۆوەكان لە چەمكی خیلافەت.

دووەم: وەلّامدانەوەی زانستی بەلّگەدار بۆ تێگەیشتنەكەیان.

## چەمکی خیلافەت لە دیدی توندڕەوەکان:

ئەو توندڕەوانەی ئیمرۆ لە مەیدان هەن، وەك داعش‌و هاوشێوەکانی لە تالیبان‌و بۆکۆحرام‌و ئەوانی تر، بانگەشە بۆ خۆدابراندن‌و کۆچکردن لە کۆمەڵگەی موسڵمانان دەکەن‌و، بڕیار لە سەر کافر بوونی کۆمەڵگەی موسڵمانان دەدەن‌و، داوا دەکەن پەیڕەوکارانیان کۆچ بکەن‌و دەوڵەتێکی خیلافەتی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن، لەو نێوەشدا یەکێك بە ئەمیرو گەورەی خۆیان دەست نیشان دەکەن – وەك ئەوەی داعش ئەنجامی دا لە وڵاتی عیراق‌و شام– و بەیعەتی پێ دەدەن‌و لەپێناو ئەو ئامانجە دەجەنگن‌و، هەموو شتێك دەکەنە قوربانی، منداڵ‌و ئافرەت‌و پەککەوتەو خەڵکی سڤیل دەکوژن‌و، ئاژەڵ‌و باڵندەکان لە ناو دەبەن، خانوەکان دەروخێنن، قوتابخانەکان وێران دەکەن، مزگەوت و پەرستگاکان‌و مەزارگەی

پیاوچاکان دەرمێنن، بەڵکو شوێنە ئاسەوارە مێژوویەکان لە ناو دەبەن، هەموو ئەو کارانە ئەنجام دەدەن تەنها بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەزۆکەکەیان کە دروست کردنی دەوڵەتی خیلافەیە[١].

**لە وەلامی خەیاڵی هێنانە کایەوەی دەوڵەتی خیلافەت لە عیراق و شامدا دەڵێین:**

(داعش)و هاوشێوەکانیان گومانی وا دەبەن، کە دەوڵەتی خیلافەت بەم نزیکانە دێتەکایەوە، پشت بە چەند فەرموودەیەك دەبەستن، لە وانە:

---

١- بروانە: الثقافة الإسلامية المفهوم الصحيح لمنصب الخلافة، مقرر على المرحلة الثانوية بالأزهر الشريف ... لاپەرە ٣١.

أ- پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت :(**إنَّ الله زوى لي الأرض فرأيت مشرقها ومغربها، وإنَّ أمتي سيبلغ ملكها ما زُوي لي منها**)[٢].

ب- فەرموودەی پێغەمبەری خوا(درودی خوای لەسەر بێت) کە دەفەرمووێت: (**ليبلغنَّ هذا الأمر ما بلغ الليل النهار، ولا يترك بيت كدر ولا وبر إلا دخله**)[٣].

ت- فەرموودەی پێغەمبەری خوا(درودی خوای لەسەر بێت) کە دەفەرمووێت:(**ستفتح رومية بعد القسطنطية**)[٤].

---

٢- بروانە: صحيح مسلم/ كتاب الفتن وأشراط الساعة- باب هلاك هذه الأمة بعضهم ببعض، ژمارەی فەموودە ٢٨٨٩.

٣- بروانە : مسند الإمام أحمد بن حنبل ١٥٥ ، وأورده الهيثمي في المجمع ١٤/٦ و فەرموویەتی: ئیمامی ئەحمەد و تەبەرانی روایەتیان کردووە و پیاوەکانیش جێگای متمانەن.

ت- فەرموودەی پێغەمبەری خوا(درودی خوای لەسەر بێت) کە دەفەرمووێت: (**تَكونُ النُبوةُ فِيكمْ ما شاءَ اللّٰهُ أنْ تكونْ، ثُمَّ يَرفَعُها تَبارَكَ وتعالى إذا شاءَ، ثُمَّ تَكوُنُ الخلافةُ على مِنْهاج النُبوةِ فَتَكوُنُ ما شاءَ اللّٰهُ أنْ تَكُون، ثُمَّ يَرفَعُها إذا شاءَ أنْ يَرفَعُها، ثُمَّ يَكُونُ مُلكاً عاضاً فَتَكُونُ مُلكاً ما شاءَ اللّٰه، ثُمَّ يَرفَعُهُ اللّٰهُ إذا شاءَ أنْ يَرفَعُها مُلكاً جَبريةً، ثُمَّ تَكوُنُ خِلافَةً على مِنْهاجِ النُبُوَّةِ، ثُمَّ سَكَتَ**)[٥].

**وە دەکرێت لە چەند لایەکەوە وڵامی ئەم بۆچوونە بدەینەوە:**

---

٤- بروانه: الحاكم في المستدرك – كتاب الفتن و الملاحم ٤/٥٩٨، و فەرموویەتی: ئەم فەرموودەیە سەنەدەکەی ڕاستە، و ئیمامی زەهەبیش پەسندی کردووە.

٥- بروانه : مسند البزاز ٧/٢٢٣.

**لایەنی یەکەم:** لە رەوشتی عەرەبەکان بوو لەکاتی قسەکردن باس لە شتی گەورە دەکەن لە برِی شتی بچوك بە هۆی گرنکیەکەی، وە هەروها باسی شتی کەم دەکەن بەڵام مەبەستیان شتی گەورەیە، بۆیە دەکرێت مەبەستی پێغەمبەری خوا(درودی خوای لەسەر بێت) لە ووشەی (زُوي) بەرفراوانی موسڵمانان بێت لە جیهان، چونکە بەهۆی رەحمەتی خواوەندەوە توانرا ئیسلام بگات بە ناوچە فراوانەکانی جیهان، هەر بۆیە ئیسلام لە رۆژهەڵاتەوە گەیشتە سنورەکانی چینو لە رۆژ ئاواشەوە گەیشتە دەریای ئەتلەسی، تا کار گەیشتە ئەوەی یەکێك لە خەلیفەکانی بەغدا بە هەوری ئاسمان بلێت وەك زێدەروویيو موبالەغە: هەر لە کوێ یەك دلۆپە باران بباریت دەسەڵاتمان پێی دەگات.

**لایەنی دووەم:** ئەگەر باس لە دەسەلاتی ڕاستەقینە نەکەین‌و باس لە ڕووە مەعنەوەیەکەی بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەتوانرا لە هەموو لایەنەکانی ژیان سوود لە ئاین وەربگیرێت، لە ڕووی زانستی‌و زانکۆکان، شارستانیەتەکان، بەڵکو ئاینی ئیسلام لە هەموو ئاینەکانی تر بەربڵاوترە، وە ئەگەر هەندێك لە ولاتانی غەیرە ئیسلامی هێزو توانایان زیاتر بێت ئەوا بەهۆی ئاینەکانیان نیە، بەڵکو بە هۆی زۆر کارەکتەری ترەوەیە، چونکە لە زۆرێك لەم وڵاتانە بۆشایی زۆر لە نیوان خودی ئەو دەوڵەتانەو ئاینەکانیان هەیە.

**لایەنی سێیەم:** قورئانی پیرۆز باس لە زولقەرنەین دەکات: (کە ئەو دەسەڵاتی گەیشتووتە ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاواو خوای گەورەش دەسەڵاتی لە سەر زەوی پێدا) بەڵام ئایا ئەوە مانای ئەوە

دەبەخشێت، کە زولقەرنەین لە ڕۆژهەڵاتەوە گەیشتە یابانو لە ڕۆژئاواشەوە گەیشتە ئەمەریكا.

مەبەستی سەرەکی لە فەرموودەکان بەرفراوانی ئاین دەبەخشێتو ئەم بەرفراوانەیەش بەپێی ڕۆژگارو گونجاندن بەکەم و زۆر دەوترێت.

**لایەنی چوارەم:** ئایا مەبەست لە ( فەتح کردنی ڕۆم ) فەتح کردنی خودی شارە ناسراوەکەیە، یان مەبەستی ئەوەیە ئاین دەسەڵاتی بەسەر دوو دەوڵەتی گەورەی وەك فارسو ڕوم دەبێت؟

سوپاس بۆ خوا لە سەردەمی خەلیفەکان ئیسلام بەرفراوانیەکی زۆری بە خۆوە بینی، تا گەیشت بە شوێنە جیاجیاکانو هەموو ئەو

شوێنانانەی كە لە ژێر دەسەڵاتی رۆمانیەكان بوو، و لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیش ئیسلام گەیشتە سنوری فییەنا.

وە دەتوانین ئەوە بڵێین بڵاوبونەوەی ئیسلام مەرج نیە هەر بە شمشێر بێت، بەڵكۆ زۆر هۆكاری تر هەنەو بەهۆی بانگخوازی ئاشتیانە ئیسلام گەیشتە زۆر شوێنی جیهان.

**لایەنی پێنجەم:** ئەگەر مژدەی گەرانەوەی خیلافەت هەبێت، خوازیارین خوای گەورە بیهێنێتە دی، بەڵام پێویست دەكات دەست بە هۆكارەكانەوە بگرین‌و خۆمان بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادە بكەین لە رووبەرووبونەوەی جیهان‌و ئەمەش ناكرێت تەنها بە یەكگرتنی هەموو دەوڵەتەكان‌و لێك نزیك بوونیان لە بواری

ئابوریو سیاسیو کلتوری، ئایا ئەوە لە رۆژگاری ئیمرۆماندا دەستەبەر دەبێت ؟

ماوە ماوە گوێ بیستی بانگەوازەکان دەبین بۆ یەکبوون لە جیهانی ئیسلامی، بەڵام بێ ئەنجام دەبن، یەکبوون لە زانکۆکان روونادات، چۆن یەکبوون لە نیوان دەوڵەتان روودەدات، کاربەدەستانی وڵاتەکان ئەمە قەبوول ناکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش نابێت مرۆڤ بێ ئومێد بێتو هەر نەبێت لە بری یەکبوونی وڵاتان یەکێتی نێودەوڵەتی بێتە دی.

**لایەنی شەشەم:** زۆر جار ئایەتی: (**وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ**)[٦] دەكرێت بە بەڵگە بۆ هێنانە كایەوەی خیلافەت.

ئەو بەڵێنەی كە خوای گەورە بە ئیماندارانی داوە لە وەرگرتنی دەسەڵاتی زەوی هاتووتە دی، ئیمانداران لە دورگەی عەرەبی بە ئازادانە ئاینی خۆیان ئەنجام دا، بە تایبەتی لە دوایی فەتحی مەككەو دوا بەدواییی ئەوە ئاینی ئیسلام لە سەرتاسەری جیهان بەربلاویەكی یەكجار فراوانی بە خۆوە بینیو، هەمووشمان ئاواتە خوازین كە لە هەر شوێنێكی دونیا بێت دەنگی ئیسلامی تێدا بەرز ببێتەوە، بەڵام هەروەكو پێشتر باسمان كرد كە پێویستە هەلومەرجەكان لەبارو گونجاو بن.

---

٦- ئایەتی ٥٥ لە سورەتی النور.

بەڵگەش لە سەر ئەم بۆچوونە زۆرن، ئەوەتا خوای گەورە سەبارەت بەوانەی کەوا لە کاری خێر ململانەیان دەکرد فەرموویەتی: **(مَنْ يَعْمَلْ سُوءًا يُجْزَ بِهِ وَلَا يَجِدْ لَهُ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا، وَمَنْ يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا)**[٧].

حەسەنی بەسری دەفەرموێت: ئیمان بە خۆزگە نابێت، گرنگ ئەوەیە ئەم باوەڕە لەدڵ بچەسپێت‌و بەکرداریش بیسەلمێنی، وە ئەگەر کەسێك بڵێت ئومێدم بە خوا زۆرە ئەوا ڕاست ناکات، چونکە ئەگەر ڕاستی کردبا دەبی کرداری باشی ئەنجام دابا.

ئاسمان زێرو زیو نابەخشێت بۆ ئەو کەسانەی بە دوایی رزق‌و رۆزی ناگەرێن، ئومێدو خوزگەی بەتاڵ کاری بێ دەسەڵاتانە، شاعیریش

٧- ئایەتی ١٢٣-١٢٤ لە سورەتی ئەلنیساء.

دەڵێت: ئومێدی سەرکەوتن دەکەیتو ڕێگایەکەشت باش نەگرتووە، بزانە کەشتی لە سەر وشکایی ناڕوات[٨].

**لایەنی حەوتەم:** چاکبوونی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی ئاواتی هەمووموسڵمانێکە، بەڵام ئەوەی قەدەری خوا وابوو کە کەوتووتە وڵاتێکی خراپ تاوانی جیە؟ ئایا بە ویستی خۆی بووە کەوتووتە وڵاتێکی هەژارو وێران؟

چاکسازی ویستێکی گەورەیە،و چەندی ئەم ویستەش گەورەتر بێت بەرپرسیاریەکەش گەورەترە بۆ بەدەست هێنانو پێگەیشتنی، وەئەگەر ئیسلام کۆمەڵگایەکی ئەوهای لە سەردەمی خۆی لە مەدینە هێنا کایەوە کە هەموو دەوروبەرەکەی لە بەردەمی ئەم کۆمەڵگایە چۆکی داناو مل کەچ بوو ئەمە ئیعجازێکی خوای بوو

---

٨- دەقە عەرەبیەکەی ئەم شعیرە ئەوەیە کە شاعیر دەڵێت:

ترجوا النجاة ولم تسلك مسالكها .. إنَّ السفينة لا تجري على اليبس

کە بەڵێنی بە خودی پێغەمبەرەکەی دابوو کە ئەم کۆمەڵگەیە بەهێزەی بۆ بێنێتە کایەوەو دوو بارە بوونەوەشی زۆر ئەستەمە، چونکە ئەمە پێویستی بە پەروەردە کردنی مرۆڤە لە سەر بیروباورێکی تەندروستو متمانە بوون بە پەروەردگارەکەی، خوای گەورەش ڕاستی فەرمووە: (**إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ**) [٩].

لە (ئیمامی شافعی) یان پرسی: ئایا ئێمە دەتوانین سەربکەوینو دووچاری نارەحەتیش نەبین؟ لە وەڵامدا فەرمووی: ئێمە ناتوانین سەرکەوتن بەدەست بهێنین تا دووچاری ناخۆشیو نارەحەتی نەبین، ئەمەش ڕێرەوەی پێغەمبەرانە، کە هەر یەك لە نوحو ئیبراهیمو موساو عیساو موحەممەد –سەلامی خوایان لە سەر بێت– سەرکەوتنیان بە دەست هێنا دوایی ئارام گرتنێکی زۆر، شاعیرێکی

٩– ئایەتی ١١ سورەتی ئەلرەعد .

عەرەبیش وتویەتی: چاوم گێرا بەسەر ئاسودەیەکی زۆر بەڵام تەنها دوایی ماندوو بونێکی زۆر دەستم کەوت[١٠].

با هەمووومان پەند لـە کەسە داهێنەرەکان وەربگرین کە گەیشتنە ئەنجام بە ماندووبونو شەونخونی زۆر بە درێژای چەندین ساڵ بەدەستیان هێنا.

(ثوروا) کە فەیلەسوفێکی ناسراو و بەناوبانگە داوا دەکات کە هەمیشە مرۆڤ سادەو ئاسایی بێتو دەڵێت: ئەگەر تۆ بە ئاواتەکانی خۆت کۆشکێکت لـە خەیاڵی خۆت دروست کردبێ، نا بێت دوو چاری بێ ئومێدی بیت، چونکە لـە ئەنجامدا هەر ئەو خەیاڵەیە

---

١٠- دەقە عەرەبیەکەی ئەم شعیرە ئەوەیە کە شاعیر دەڵێت:

بصرت بالراحة العليا فلم أرها ... تُنال إلا على جسرٍ من التعب

كۆشكو تەلار دروست دەكات، بەڵام پێویستە لە سەر زەوی كار بۆ بنیاتنانی بكەیت[١١].

**لایەنی هەشتەم**: كۆمەڵگە بەگشتیو گەنجەكان بەتایبەتی وشیار دەكەینەوە، كە بیری ئەم توندرۆیانەو قسە بریقەدارەكانیان هەڵنەخەڵەتێن، چونكە توندرۆوەكان خەتەرێكی گەلەك گەورەن لە سەر ئیسلامو بە كردەوەكانیان سیمای ئیسلامیان ناشیرن كردووە، كە هەموو كارێكو رەفتارێك ئەنجام دەدەنو وشكو تەر پێكەوە دەسوتێنن، لە پێناوی هێنانە كایەوەی دەوڵەتە ڕەشەكەیان كە بە دەوڵەتی خیلافەت دەیناسێننو یەكێك لە خۆیان بكەن بە ئەمیر لە سەر ئەم دەوڵەتەو بەیعەتی پێ بدەنو پەرتەوازەیی زیاتر بخەنە ناو كۆمەڵگەی موسڵمانان.

---

١١- بۆ زیاتر بروانە : هذا بیان للناس، ١/ ٢٥٥- ٢٥٨.

ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا(درودی خوای لەسەر بێت) ئاگادارمان دەکەنەوە لە ترسناکی ئەو کارەی ئەوان هەنگاوی بۆ دەهاوێژن ئەوانە بە (دەرچوو – خەواریج) دەناسێنن کە ئەم هەولانە ئەنجام ئەدەن‌و سزاکەیان لە قورئانی پیرۆز زۆر بە روونی دیارە کە خوای گەورە دەفەرموویێت: (**إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ذَٰلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ**) [١٢].

**لێرەدا بە پێویستی دەزانین باس لە ژمارەیەك فەرموودە بدەین کە ئەم بیرە توندرۆیە تێکدەشکێن‌و پووچەڵی دەکاتەوە:**

١– پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) دەفەموویێت: **مَنْ رأى مِنْ أميرِهِ شيئاً يكرهه فلْيَصْبر، فإنَّه مَن فارقَ الجماعةَ شبراً فمات**

---

١٢– ئایەتی ٣٣ لە سورەتی ئەلمائیدە.

**فميتة جاهلية**[١٣]، واتە: هەر کەسێك لە گەورەو ئەمیرەکەی خۆی شتێکی نارەوای بینی با ئارام بگرێت، چونکە هەر کەسێك لە کۆمەڵگە موسڵمان جیابووەو دابڕاو دواتر کۆچی دوایی کرد ئەوا بە گومراییو نەفامی مردووە.

٢- پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) دەفەموویێت: **مَنْ خَرَجَ مِنْ الطاعةِ، وفارقَ الجماعةَ فماتَ،م اتَ ميتةً جاهليةً، ومَنْ قاتل تحتَ رايةٍ عميةٍ يغضبُ لعصبةٍ أو يدعوا إلى عصبةٍ أو ينصرَ عصبةً فقُتلَ فَقتلةً جاهلية**[١٤]، واتە: هەر کەسێك لە گوێرایەڵی گەورەکەی دەربچێتو لە کۆمەڵگەی موسڵمانان دا ببرێتو دواتر بمرێت ئەوا بە مردنێکی گومراییو نەفامی دەمرێتو هەر

---

١٣- بروانه : صحيح مسلم- كتاب الإمارة، باب:الأمر بلزوم الجماعة عند ظهور الفتن ، وتحذير الدعاة الى الكفر.

١٤- ئیمامی موسلم ریوایەتی کردووە لە هەمان شوێن.

كەسێك شەر بكات لـە ژێر ئالایەك بە كوێری‌و بۆی تورە ببێت لـە پێناوی كۆمەڵێك‌و دواتر بگوژرێت ئەوا بە نەفامی‌و گومرایی دەكوژرێت.

٣- لـە ڕیوایەتێكدا هاتووە: **مَنْ خَرَج مِنْ الطاعةِ وفارقَ الجماعةَ، ثم ماتَ ماتَ ميتةً جاهليةً، ومَنْ قُتل تحتَ رايةِ عميةٍ يغضبُ للعصبةِ، ويُقاتل للعصبةِ، فليس مِنْ أمتي، ومَنْ خَرَجَ مِنْ أُمتي يَضربُ برَّها وفاجرها، لا يتحاش مِن مؤمنها، ولا يفي بذي عهدها فليس مني**(١٥)، واتە: هەر كەسێك لـە گوێرایەڵی گەورەكەی دەربچێت‌و لـە كۆمەڵگەی موسڵمانان دا ببرێت‌و دواتر بمرێت ئەوا بە مردنێكی گومرایی‌و نەفامی دەمرێت‌و هەر كەسێك شەڕ بكات لـە ژێر ئالایەك بە كوێری‌و بۆی تورە ببێت لـە پێناوی كۆمەڵێك‌و شەر بكات لـە پێناوی كۆمەڵێك، ئەوا لـە ئومەتی من نیەو هەر

١٥- ئیمامی موسلم ریوایەتی كردووە لـە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کەسێك دەربچێت لە ئومەتی من شەڕی چاكو خراپەكەی بكات و دەست لە ئیماندار نەپارێزێتو غەیرە دینەكان لە دەستی پارێزراو نەبن ئەوا لە ئوممەتی من نیە.

٤- ئەبو حوزەیفە دەڵێت: خەڵك پرسیاری چاكەیان لە پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) دەكردو منیش لە ترسی دووچار بوونی پرسیاری شەڕو خراپەم دەكرد، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە لە نەفامیو گومرایی بووینو خوای گەورە ئەم خێرەی بە ئێمە بەخشی، ئایا لە دوایی ئەم خێرە خێری تر هەیە؟، فەرموی: بەڵێ، وتم: ئایا لە دوایی ئەو خراپەیەش خێر هەیە؟ **فەرموی: بەڵێ، خراپەی بەدواوە هەیە**، وتم: خراپەكەی چیە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرموی: ( **كۆمەڵێك بەدوایی سونەتێكی جگە لە سوننەتی من دەكەونو بەدوایی ڕەوشتێكی پێچەوانە لە ڕەوشتی من دەكەونو خەڵكیش دەزانیو پێی نارەحەت دەبی)**، وتم: ئایا دوایی ئەم خێرە شەڕو خراپی تر هەیە؟ فەرموی: ( **بەڵێ، بانگەواز دەكرێت لە سەر**

**دەرگای جەهەننەم هەركەسێ وەڵامیان بداتەوە دەیهاوێژنە ناو دۆزەخ)** وتم: پێمان بناسێنەی ئەی پێغەمبەری خوا، فەرموی: (بەڵێ، ئەوان وەك ئێمە مرۆڤن‌و لە ئێمەنە، وەك ئێمەش قسە دەكەن)، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا چی بكەم ئەگەر بەوان گەیشتم؟ فەرموی:(**كۆمەڵی موسڵمان و پێشەوایەكەیان هەڵبژێرە)**، وتم: ئەی ئەگەر كۆمەڵی موسڵمان‌و پێشەوایان نەبوو، فەرموی: (**لە هەموویان خۆت دوور بگرە، ئەگەر بچیتە سەر لقی دارێك تا مردن پێت ئەگات باشترە نەوەك نزیكی ئەوان ببیتەوە)**[١٦].

ئیمامی نەوەوی دەفەرموێت: لە فەرموودەی حوزەیفە بۆمان دەردەكەوێت، كە پێویستە مرۆڤی موسڵمان لەگەڵ كۆمەڵی موسڵمانان‌و پێشەواكەیاندا بیت‌و گوێرایەڵی بێت لە خێرو چاكە، بەڵام لە گوناە و تاوان نابێت گوێرایەڵی بێت.

---

١٦- ئیمامی موسلم ریوایەتی كردووە لە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئەم گفتوگۆیەی نیوان پێغەمبەری خوا(درودی خوای لەسەر بێت) لەگەڵ حوزەیفە گەواهی ئەو ڕاستیەن کەوا پێش ڕودانی کارەکان پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) ئێمەی لێ ئاگادارکردووتەوە[١٧].

**لایەنی نۆیەم:** هەوڵەکەی داعش بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم موسڵمانو ڕاگەیاندنی خیلافەتی ئیسلامیو گوێڕایەڵ بوون بۆ یەك ئیمام هەوڵێکی نەزۆکەو چەسپاندنی ئەم هەوڵەش خوێن ڕشتنێکی زۆری دەوێت لە نیوان پەیرەوانی ئەم بیرۆکەیەو وڵاتانی تری جیهانی ئیسلامی، چونکە تەنها بەخوێن رشتن ئەم ئامانجە دێتە دی.

هەرچەندە زۆر ئەستەمە لەگەڵ جیاوازی زمانو کلتورەکان لە نیوان نەتەوەکانو دابەش بوونی دەوڵەتان بەسەر چەند کیشوەرێك بیرۆکەی یەك دەوڵەتیو خیلافەی ئیسلامی بێتە ئاراوە، بەڵام زۆر

---

١٧- بروانە: شەرحی ئیمامی نەوەوی لە سەر صەحیحی موسلیم: ٢٣٧/١٢.

ئاساییە كەوا یەكیەتییێكی ئارەزوومەندانە لە نیوان دەوڵەتەكان دروست بێت وەك (یەكێتی ئەوروپا) كە ئەو وڵاتانەی ئەندامن لە ناو ئەم یەكیەتیە ئارەزوومەندانە لە زومانو كلتورو ئاینو مێژوو جیاوازن، بەڵام چەند بەرژەوەندیەكی سیاسیو ئابووری پێكەوەی كۆكردونەتەوە لەگەڵ پاراستنی سەروەری هەر وڵاتێك لە وڵاتانی ئەندام لەم یەكیەتیە لە ڕاپەراندنی كاروباری وڵاتەكەیان و پاراستنی بەرژوەندیەكانیان.

ولاتانی جیهانی ئیسلامی بە سەر چەند وڵاتێك دابەشكراونو هەر وڵاتێك سەرۆك یا پاشا یا ئەمیرێكی تایبەت بە خۆی هەیەو سنوری زەمینیو دەرياييو ئاسمانیان دیارە، ناكرێت سنوری وڵاتان پێشێل بكرێت، بۆیە زۆر ئەستەمە كەسێك بتوانێت هەموو وڵاتان لە یەك دەوڵەت كۆبكاتەوەو سنورەكان لابەرێتو تێكەڵی یەكتریان بكات، چونكە سنوری ئەم وڵاتانەو شێوازی بەرێوەبردنی

کاروبارەکانیان بویتە واقعێك کە پێویستە مامەڵە لەگەڵ واقیعەکە بکرێت[١٨].

**لایەنی دەیەم:** لەکاتێکدا کە وەلامی توندرۆوەکان دەدەینەوە لە سەر رەگ‌و ریشەی خیلافەت لە ئیسلامدا پێویستە ئەوەمان لە یاد نەچێت کە خیلافەت شتێك نیە کە دەقێکی قورئانی پیرۆز وەیان فەرموودەکانی پێغەمبەر راستەوخۆ ئاماژەیان پێ دابێت‌و ئاشکراشە کەوا پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) کۆچی دوایی کرد بەڵام سیستەمی بەرێوەبردنی وڵاتی یەکلایی نەکردەوەو نەیسەپاند، بەڵکو شێوازی بەرێوەبردنی وڵاتی بەکراوەیی هێشتەوە کە موسڵمان بە راوێژ لە نێوان خۆیان ئەم بابەتە یەکلایی بکەنەوە، بۆیە مافی خۆمانە پرسیار بکەین چ رژێمێکی دونیا ئەم مافە بە تاکەکانی خۆی

١٨- بروانە: كتاب اليقافة الإسلامية، موضوع المفهوم الصحيح للخلافة، لاپەرە ٣٣.

دەداتو تاکەکانی لە هەر قۆناغێکدا سەرپشك دەکا لە شێوازی بەرێوەبردنی کاروبارەکانیان.

بۆیە گرنگ لە ئیسلامدا دادپەروەریو یەکسانیە، وە ئەگەر رژێمێکی دیموکراتی یەکسانیو دادپەروەریو ئازادیەکانی پاراست بەتەواوی ئەوا ئامانجەکانی ئیسلام لە شێوازی بەرێوەبردنی ولات دێتە دیو مەرج نیە تەنها خیلافەت بێت، بۆیە لە ئیسلامدا ئەوەندەی ناوەرۆكو شێوازی کارکردنو بەدێهێنانی ئامانجەکان مەبەستە ئەوەندە ناو مەبەست نیە.

چاپی یەکەم